# داواکاری برای بەندکراوێکی کورد



ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی، بۆ جاری دووەهەم "کاوە عەزیزپوور"، بەندکراوی سیاسی لە شاری "مەهاباد" لە نەخۆشخانەی ئەم شارەدا بەستەری کراو ئێستاش لە بارودۆخێکی نالەبار دایە.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە کاوە عەزیزپوور، کوڕی عومەر "تەمەن ٢٥ساڵ"، خەڵکی ئاوایی "دریاز"ی شارۆیرانی مەهابادە کە ماوەی دوو ساڵو نیو لەمەوبەر لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهابادەوە بە تۆمەتی هەڵبەستراوی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان دەستبەسەرو بەند کراو ئێستاش بە هۆی ئازارو ئەشکەنجەی زۆری ئەشکەنجەدەرانی ئیتلاعاتەوە لە بارودۆخێکی زۆر دژوارو مەترسیداردا دەژی. ناوبراو پاش گیران، بەهۆی ئازارو ئەشکەنجەوە سەری زەبر دەبینێو ئەوە بۆ جاری دووهەمە کە عەمەلی جەڕاحی بۆ دەکرێ. بە وتەی دوکتۆرەکان، کاوە عەزیز پوور، بەهۆی شۆکی کارەبایی کە لە سەری دراوە، تووشی نەخۆشییەکی مەترسیداری مێشکی بووە.

داوا لە ناوەندو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانی سەرتاسەری جیهان دەکەین کە بەرامبەر بەم تاوانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە دەرهەقی لاوێکی بێتاوانی کوردستان ئەنجام دەدرێ، بێ دەنگ نەبنو ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕن.

بۆ زانیاریی زیاتر پێوەندیی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن:

برای کاوە عەزیزپوور:

مۆبایل: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٣٦١١١٢٣

٠٠٩٦٤٧٥٠١١٢٨٤٧٤

٠٠٤٦٧٦٥١٢٨٤٧٤

سپاس بۆ بەدەنگەوە هاتنتان

## کۆمەڵێک لە وێنەکانی کاوە عەزیز پوور لە نەخۆشخانە







